# ملوانکە لە شێوەی گوڵدا بۆ خانمان

هەر جۆرە ئێکسسوارێك، بە شێوەیەکی تایبەت دروست دەکرێت، یان کاری دیزاینی بۆ دادەنرێت، واتە جوانیی ئێکسسوار پابەندە بەو بیرۆکەیەی لەسەری دروست دەکرێت، تەنانەت هەندێك لە ئێکسسوارەکان دیمەنێکی قەشەنگ و رازاوەیان هەیە، یەکێك لەو جۆرە ئێکسسوارە ناسك و سەرنجڕاکێشانەی کە هەیە و هەردەم دیمەنە جوانەکەی لە دەست نادات و خۆشەویستیشە لەلای گشت خانمان، ئەویش ئێکسسواری ملوانکەیە، کە بەو شێوە ناسك وبچووکەی خۆیەوە، جوانییەکی گەورە دەبەخشێتە مل و سینگی خانمان. مۆدەکانی پێشووی ملوانکە بریتی بوون لە ملوانکەی شێوە گەورە، تەنانەت لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدەی تازە و نوێدا، هەر یەکە لەو مۆدە کۆنانە گۆڕانکارییان بەسەردا هات، ئەویش شێوەی بچووك و زنجیر باریك و تەنك بۆ ملوانکەی مل لە مۆدە تازەکاندا، یەکێك لە جوانترین شێوەکان سوود لە شێوەی گوڵ و مورووی بچووکی خڕ وەربگرن، بە تێکەڵ کردنی ئەو دوو شێوەیە، لە ئەنجامدا دیمەنێکی شیاو و رازاوە لە ملوانکەیەکی ناسکدا دەردەچێت و دەبێتە مۆدەیەکی شیاو و رازاوە.





# گونجاندنی جلوبەرگ لەگەڵ هەموو قەبارە و شێوازێکی جەستەدا

جلوبەرگی خانمان، بە شێوەیە سەرنجڕاکێش و جوان دەبێت، کاتێك چەند مەرجێکی جوانی هەیە تێدا بەدی بکرێت، لەوانە : گونجاندنی جلەکە لەگەڵ شێوەی ئەو کەسەی لەبەری دەکات – رەنگ و ستایلێکی جوان و کراوەیی یان تەسکیی جلەکە، کە ئەوەش وادەکات دیمەنی خۆی لە دەست بدات ئەگەر لە قەبارە بچووکتر یان گەورەتر بێت، بوونی نەخش و کەوانە لە قوماشەکەداو گونجاندنی جلەکە لەگەڵ رەنگی ماکیاژ یان رەنگی پێست یان قژو پاك راگرتن و ئوتوو کردن بەشێکی گرنگە بۆ جلوبەرگ، ئەوانەی سەرەوە چەندین هۆکار بوون و تەنانەت زۆری دیکەش هەن کە وادەکات جلێك بە گشت دیمەنێکەوە رازاوە و کراوە و جوان بێت، واتە جلەکە لەگەڵ جەستەدا بە جوانی دەگونجێت، شێوەی جەستەی خانمان لە یەکێك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، جلوبەرگیش لەگەڵ شێوەی جەستە خۆی دەگونجێنێ، بەمەش دەتوانین سوود لەو لایەنە وەربگرین بۆ ئەوەی چۆن جلوبەرگ لەگەڵ جەستەی لاواز و پڕ رێکبخەین. سەبارەت بەوانەی کە جەستەیان لاوازە، دەتوانن ئەو جلانە لەبەر بکەن کە پەڕەی هەیە، واتە جلەکە ئەگەرچی لەسەر جەستە دەوەستێت بەڵام بە خۆی و پەڕەکانەوە دێتە دەرەوە و بە جوانی دیار دەبێت، بەمەش شێوەی جەستە لاوازەکە ون دەکات و کراسەکەش جوانتر و رازاوەتر دەوەستێت، هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی جەستەیان هەندێك قەڵەو دیارە ئەوانیش دەتوانن جلی بە پەڕە بپۆشن بەڵام لە مۆدە تازەکاندا،پسپۆران دەڵێن : جوانتر دەبێ ئەگەر خانمێکی جەستە پڕ جلێکی تەسك لەبەر بکات. ئەو کراسە شینەی لە وێنەکەدایە، نموونەیەکە بۆ جەستەی لاواز کە کراس لەبەر بکات و بزانن چۆن پەڕەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر جوانی جلەکە.



# کەمەرپشتی جلوبەرگی کوردی

**- بەهاوکاری (سولاڤ فاشیۆن) لە ئەڵمانیا**

جلوبەرگی کوردی، لەگەڵ ئەو نەشونما و جوانیەی هەیەتی، بەڵام هەردەم لە کاری تازە و دیمەنی رازاوە و جوان ناوەستێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دیمەنی جوانی لێدەردەکەوێت. بەمەش خانمانی کورد دەتوانن لەگەڵ ئەو جلەدا گەورەترین جوانی لەگەڵدا تۆمار بکەن، ئەوانەی شارازەییان هەیە لە ئامادەکردنی جلوبەرگی کوردی، هەردەم لەگەڵ ئەوەن کە جلی کوردی دەبێ لە هەر چوار لایەوە بە جوانی خۆیەوە دەربکەوێت، بۆیە هەر جلێك دەبێ حیساب بۆ گشت لایەنەکانی بکرێت، یەکێك لەو لایەنانەی کە خانمان زیاتر فەرامۆشی دەکەن، شێوەی دواوەی جلی کوردییە، کە بەقەد شێوەی پێشەوەی جوانە و سەرنجراکێشە، بەهۆی ئەوەی جلی کوردی لە دواوە بە یەك پارچە دەردەکەوێت، ئەمەش وادەکات کە زیاتر لە بەشی کراسەکە بێت،، یاخود لە مۆدە تازەکاندا کەوا (کەوێ ) دەبێتە بەشێکی سەرەکی بۆ شێوەی دواوە، لە هەندێك کراسی کوردیدا بە ئێکسسواری وەك پشتێن و ئێلەگ و قۆڵەکانەوە رازاوە دەکرێت، بەڵام لە هەندێکی دیکەشدا سادەیە و تەنیا کراسەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەردەکەوێت، هەریەکەیان جوانییەکی تایبەتی دەبەخشێت، بەڵام لە مۆدە تازەکاندا، زیاتر بە ئێکسسوار و پشتێن دەڕازێنرێتەوە.



# جانتای دەست و جلوبەرگ

لە بواری جوانکاریدا، پێویستە و دەکرێ سوود لە گونجاندنی جلوبەرگ و ئێکسسوار وەربگرین، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ستایلێك لە جلەکان یان جۆرێك لە ئێکسسوارەکان، کە رازاوەیی و ناسکی ببەخشێت، لە ڕێگەی ئەو ڕێکخستن وگونجاندنە، شێوەیەکی دیاریکراو لە مۆدەیەکی شایستە دەردەکەوێت، لە هەمان کاتیشدا، لە نزیکترین مۆدە و ڕێگەدا ئەو گونجاندنە هێمایەکی کراوە دەخاتە سەر مۆدەی دیکە، جانتای دەست، یەکێکە لەو ئێکسسوارانەی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە جوانی دەست و جەستە، بەمەش دەبێ خانمان ئەو جۆرە شێوەیە هەڵبژێرن کە لەگەڵ جوانی جلەکاندا، یان لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژ و پێستدا بگونجێت، دەتوانین ڕێکخستنێکی شیاو لە نێوان جانتای دەست و جلدا بەدی بکەین، واتە کاتێك ڕەنگی جلوبەرگ لە ڕەنگێکی تۆخ دەبێت، وەك سوور، دەتوانین جانتای دەستیش لە ڕەنگی ڕەش یان ڕەنگی سەوز بێت، هەر یەکە لەو دوو ڕەنگانە دەچنە ناو یەکتر لە شێوەدا، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شێوەی جانتاکە دەوەستێت، کە تا چەند شێوەی جانتای دەست بچووك و سادە بێت، زیاتر دیمەنی رازاوەتر و کراوەتر دەبێت.

# سمۆرە جوانەکانی کوردستان



گیانلەبەرێکی شیردەر و چوست و چالاکە خێرایە لە جووڵەکردن و کلکێکی جوان و دوو چاوی گەورەی ڕەشی هەیە، گوێچەکەکانی خڕە و خنجیلانەیە، و خۆی لە کونی داردا دەژی و گەورە دەبێت، خواردنیشی گوێز و بەڕووە، بە زۆری لە کوێستانەکاندا لە هەورامان و شارەزوور و ناوچەکانی، هەروەها چیا بەرزەکانیش وەکو سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، زۆرە. سمۆرە دیمەنێکی جوان و خنجیلانەی هەیە و یاری خۆش دەکات، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کاتێك گوڵبەرۆژە دەخوات یان ئەو خواردنانەی کە توێکڵی هەیە، سمۆرە بە دەستەکانی وردی دەکات وەك ئەوەی مرۆڤ بێت، دواتریش ناوەکەی دەردەهێنێت و دەیخوات، چەندین جۆرە سمۆرە هەن : لەوانە (سمۆرەی سپی- سمۆرەی باڵندەیی-سمۆرەی سەر زەوی کە کلکی کورتە – سمۆرەی زێڕین، واتە ڕەنگی وەك زێڕ وایە، شوێنی نیشتەجێ سمۆرە لەناو کونی دارە، کە لە ناوەوەی دار هێلانەیەکی خۆش دروستی دەکات و زیاتریش لە ناوەڕاستی دارەکە دروستی دەکات تاوەکو گیانداری دیکە نزیکی خۆی و بێچووەکانی نەکەون، لە زستاندا سمۆرە هێلانەیەکی گەرم دروست دەکات و لە هاوینیشدا لانەی فێنکی دەبێت کە لە گەڵای دار دروستی دەکات، درێژی سمۆرە نێوان (٨ تا ٨٥) سەنتیمەتر دەبێ هەروەها کێشی نێوان (١٣٠تا ٤٨٠) گرام دەبێ و تەمەنیشی دەگاتە نێوان (٢ تا ٦) ساڵ، دەنگی سمۆرە بەهێزە و وەك قیژە وایە، کەڵپەی سمۆرە لە جوانی دوو ددانەکەیەتی و کە لەناو دەمی هەردەم دیارە، ئەمەش وادەکات کە جوان و خۆشەویست بێت، ئەوانەی شارەزایان لە سمۆرە هەیە دەڵێن : سمۆرە گیاندارێکە کە بەهۆی ئەوەوە داری گوێز و یان بەرهەمەکانی دیکە دەڕوێت یان خۆڕسك دەبێت، لەو کاتەی سمۆرە گوێز هەڵدەگرێت لە شوێنێك تاوەکو زستان بیخوات، بەڵام دواتر بیری دەچێت لە کوێی داناوە، بەهۆی ئەوەی شوێنی هەڵگرتنی گوێزەکە گەرمە ئەمەش وادەکات کە گوێزەکە خۆڕسك بکات و ببێتەوە دارێکی دیکە.

# گۆڕستانەکەی دهۆک تەمەنی ٦٠ هەزار ساڵە

نەتەوەی کورد خاوەنی کۆنترین و لە مێژینەترین کلتوورو مێژووە، هەروەها خاوەنی جوانترین شارستانییەتە، بەشێوەیەك کە لە زۆر زووەوە ژیاوە و دەستی بە دۆزینەوەی شتەکان کردووە. لەوانە (٣) دانە گۆڕ(قەبر) لە شاری دهۆك دۆزرانەوە کە مێژووەکەیان بۆ (٦٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە ئەمە بەڵگەیەکی زیندووە کە کورد هەر لە مێژە لە کوردستان ژیاوەو تەنانەت لەو کاتەوە بیری لەوە کردۆتەوە کە چۆن مردووەوکانیان بنێژن، ئەوەی شایەنی باسە ئەو گۆڕانە لە سەر شێوازی هێلکەیی دروست کراون و درێژییان یەك مەتر و ٤٠ سانتیمەترە و پانییان ٦٣ سانتیمەترەو قووڵاییشیان یەك مەترە، شێوازی هێلکەیی لە خۆ دەگرێت و دیمەنێکی سەیری هەیە، ئەو گۆڕانەش ئەوە نیشاندەدەن کە خەڵکی ئەو سەردەمە باوەڕیان وابووە کە مرۆڤ لە هێلکە دروست بووە، ئەوەش یەکێکە لە بیردۆزەکانی دروست بوونی مرۆڤ کە لە ئێستادا گۆڕانی بەسەر داهاتووە، یان وەکو نەریتێك بووە کە مردوو بە شێوەی هێلکەیی بنێژن.





# بەتەمەنترین دایک و باوک دەبنە خاوەن منداڵ

ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە تەمەنیان گەورەبووە و ئیدی نابن بە خاوەن منداڵ، ئەمە شتێکە و دوورە لە بڕوا پێکردن، یان ئەوانەی دەڵێن تەمەنیان گەورەیە و منداڵیان نابێت، ئەمەش نابێت بەردەوام بن لەو قسەیە، چونکە لەیەکێك لە سەیرترین حاڵەتەکانی منداڵ بووندا لە وڵاتی هیندستان، کە دوای ئەوەی جووتیارێکی باشووری ئەو وڵاتە بۆتە گەورەترین باوك لە جیهان، ئەو پیاوە ناوی ( راماگیت راجافی)یە و تەمەنی (٩٦) ساڵە، دوای ئەوەی ئافرەتێکی بە ناوی شاکۆنتالا دیڤی ٥٢ ساڵەی هێنا و منداڵەکەی ناو ناوە (نانۆ رام گوگی)، ڕۆژێکیان ئافرەتەکەی دەچێتە نەخۆشخانە بۆ پشکنین، دواتر پێیدەڵێن کە زگی هەیە و دووگیانە، ئەوەش بووە سەیرترین هەواڵ لەو وڵاتە و لە جیهانیشدا، واتە نامۆترین حاڵەتی منداڵبوون، کە پیاوێك لە تەمەنی (٩٦) ساڵی و ئافرەتێکیش لە تەمەنی (٥٢) ساڵی ببن بە تەمەنترین دایك و باوك.

# شیشکه بۆ دروستکردنی گۆرەوی و فانیله

بەرهەمێکی جوان و سەیرە، کاتێك خانمانی کورد بە پەنجە ڕەنگینەکانیانەوە، بە دوو شیشکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی جوان بەرهەم بهێنن، ئەو کارە دەستییە پێیدەڵێن شیشکە، کە بریتییە لە دوو شیشی لووس و جوان، هەر یەکەی سەری تیژە و لەگەڵ کۆمەڵێك داو و خوری بەکاریدەهێنن بۆ ئامادەکردنی فانیله و شاڵی مل و گۆرەوی، هەروەها کەرەستەیەکی دیکەش هەیە کە پێیدەگوترێ سنارە بۆ دروست کردنی سەرنان کە لە یەك شیش پێکدێت، کارکردنی شیشکە بەم جۆرەیە، کاتێك داوەکە لە شیشەکە هەڵدەخیت دەبێ بەیەك شیشە کار بکەیت واتە شیشەیەك بۆ کۆکردنەوەی خورییەکە ئەوەی دیکەش کاری پێدەکرێت و نەخشی جلەکە یان شتەکە دادەنێت، لە کاتی کارکردنی شیشکە بەم جۆرە دەبێت، ڕیزێك بۆ پێشەوە و ڕیزێکیش بۆ دواوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو شتەی دروستی دەکەیت بە دوو ڕوو خۆی نیشان بدات، خوریش لە گیانداران دەست دەکەوێت، واتە لە بەن دروست دەبێت.



# بۆ دامەزراندنی (٩) کەس (٩) هەزار کەس لەنۆرە وەستاون

بەهۆی ئەوەی دانیشتووانی وڵاتی چین، زۆرن و کاتێك لە شوێنێك کۆبوونەوەیەك دەبێت، کەس نابێتە برای کەس، وەك لەم وێنەیە دەبینن کە چۆن ئەو کۆمەڵە خەڵکە وەستاون بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی دامەزراندن لە یەکێك لە دەزگایەك، لەم وێنەیە تەنیا (٩) کەسیان دەوێت، کەچی (٩) هەزار کەس وەستاون تەنیا بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن، ئەوەی سەیرە چۆن ئەو کەسە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت یان کامەی باشە بۆ وەرگرتن لەو کۆمپانیایە.





# شاجوانی خانمە پیرەکان

ساڵانە پێشبڕکێی شاجوانی ئەنجام دەدرێت، کە دوو پێشبڕکێی شاجوانییە، یەکێکیان شاجوانی جیهانە، کە لەسەر ئاستی چەند وڵاتێك دەکرێت، ئەوەی دیکەش شاجوانی گەردوونە، ئەویش لەسەر ئاستی جیهان دەکرێ، بیرۆکەیەك هەبوو کە پێشبڕکێی شاجوانی منداڵانیش پەیدا ببێت، بەڵام سەری نەگرت چونکە منداڵ ناتوانن لەم پێشبڕکێیانە بەشدار بن و کاری لەسەر بکەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو پێشبڕکێیە ئەنجام نەدرێت، کەچی بەم دواییە لە وڵاتی ئەمەریکا پێشبڕکێی شاجوانی خانمە پیرەکان پەیدا بوو، کە ساڵانە ئەوانەی حەز بکەن بەشداری دەکەن و ئەوەی جوان بێ هەڵدەبژێردرێت، ئەم ساڵیش خانمی شاری تینیسی لە ویلایەتی کۆلۆرادۆ نازناوەکەی وەرگرت، کە ناوی (تایرا)ی (٦٢) ساڵە بوو، کە بووە شاجوانی خانمە پیرەکان و پیرۆزبایی و خەڵاتێکی گەورەی وەرگرت.



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەوانەیە هەنگاوەکانت کۆسپی بێتە سەرڕێ و نەتوانیت ئاواتەکانت بێنیتە دی، بەڵام گەر ئارام و هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت، دەتوانیت بەردەوام بیت.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەئەزموونێکی ناخۆش و ئاڵۆز تێپەڕ دەبیت و ناچار دەبیت چارەسەری هەندێ گرفت بکەیت، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ دەردەکەون، بەڵام لەبیرنەکەی تا ئێستا بەخت لەگەڵتایە.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست دەکەیت بەتەنیایت و کەس هاوکاریت ناکات، بۆیە جاروبار خەم داتدەگرێت و بێزار دەردەکەویت، باشترە زیاتر تێکەڵی دەوروبەرت ببیت و خەندە بگەڕێنیتەوە سەر لێوانت.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باری تەندروستیت باش دەبێت و هەست دەکەیت هێزو توانات گەڕاوەتەوەو دەتوانیت رووبەڕووی کێشەکەکانت ببیتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بڕوات بەخۆت پتەوبێت.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لەهەوڵ و کۆششدایت، بەڵام هەست بەماندووبوون و هیلاکی ناکەیت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە باری سۆزداریت تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێش چووە.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی ڕووداوێك باری سۆزداریت دووبارە دەگەشێتەوەو لەخۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە ورەت بەرزبێت و گەشبین بیت.

# وێنەی شیکاری بیرکاری

لەم وێنەیەدا، کۆمەڵێك بازنە هەن، هەوڵبدە بەبێ ئەوەی سەرت گێژ بخوات و ژمارەی بازنەکان بزانیت !



## پەندی ناوداران



بنیامین فرانکلین دەڵێ :

ئەوەی لە ترسی ئاسایشی خۆی دەستبەرداری ئازادییەکەی بێت، نە شایستەی ئازادی و نەشایستەی ئاسایشە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتت بۆ دەربچێ .

ر ا ش ن ك ا م

وەڵامی ژمارەی پێشوو : پیرەمێرد

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (مەولەوی) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك دوای ژمارە سێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی گوڵی لێیە)
- پیتی خانەکانی (٧+٢+٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕاست)
- پیتی خانەکانی (٢+٤+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی چیایە و حەزی لە ماسیە)



# لاسایی کردنەوەی فیلمە کارتۆنیەکان



وادیارە ئەوانەی سەرسامن بە کاری تەلەفزیۆنی و کاری نواندنی ئەکتەرە ناودارەکانی جیهان، تەنانەت هەندێك لە کچان و کوڕان لاسایی شێوەی ئەو ئەکتەرانە دەکەنەوە، ئەمەش وەك خۆشەویستییەك بۆ ئەو کەسە، بەم دواییە لە وڵاتی ژاپۆن، چەندین کەسایەتیی سەیر پەیدابوون، کە لاسایی کەسایەتییە کارتۆنییەکان دەکەنەوە و لە شێوە و جلوبەرگ و هەموو شتێکدا، ئەمەش بۆتە مۆدەیەکی سەیر لەو وڵاتە و بۆتە کارێکی سەیر، لەو زنجیرە کارتۆنیانەی لاسایی دەکرێنەوە: (Anime-manga-anna-luna)، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین کارەکانی لاسایی کردنەوە.



## مانای خەون

بالا : کورت بوونەوەی باڵای بەرز لە خەودا باش نییە، باڵای بەرز لە خەودا فیتنە و دوو ڕوویە، باڵا لە ڕادەی ئاسایی زیاتر بەرزبێتەوە و بگاتە ئاسمان یان زۆر کورت بێتەوە ئاسایی نەبێت مانای مردنە، کورت بوونەوەی باڵا مانای لاچوونە لە پلە و پایە، باڵای بەرزی ئاسایی مانای بەدی هاتنی نیازو مەبەستە .



سەرچاوە: خەوننامە !

## دیوانە شیعر



**- شێرکۆ بێکەس دەڵێ :**

**خۆم لێرەم و هەردوو چاوم لەوێ**
**لەوێ بریندار دەکرێم و**
**وەلێ لێرە خوێنم لێدێ**
**من باشوورم و**
**کەچی باکوور دەمێت بە درەخت و**
**لەناو ڕۆحی مندا ئەنوێ..**

**س:شاعیرانی کورد**



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پێویستیت بەکەسێك دەبێت کە ورەت بەرزبکاتەوەو ئامۆژگاریت بکات، زۆر ڕەخنە لەهاوکارانت مەگرەو بریندار یان مەکە، ئەگینا بەتەنیا دەمێنیتەوە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

زۆر دەمەقاڵێ و مشتومڕ مەکە چونکە کاتەکە ناسکە، ئەگینا تووشی کێشە دەبیت و پەشیمان دەبیتەوە، باری تەندروستیشت کەمێك گرفتی تێ دەکەوێتەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەکارەکەت پاداشت دەکرێیت یاخود دەست خۆشیت لێ دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ڕاستگۆیی و و چالاکیتەوەیە، دەرامەتت کەمێك باشتر دەبێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت لە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانت ئەوا تووشی گلەیی دەبیت و سەرزەنشت دەکرێیت، بۆیە بەخۆتدا بچۆرەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستت بەیەك دەگەن و کاتێکی خۆش دەبەنە سەرو ماوەیەکی باش لەگەڵ یەکتر و خەمەکانت دادەبڕێیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ماوەیەکە لەلایەن دۆستەکەتەوە گلەیی و گازاندەت لێدەکرێت، بەهۆی پشتگوێ خستنی لەلایەنی تۆوە، گەر خۆشت دەوێت ئەوا فەرامۆشی مەکە، ئەگینا لەدەستت دەچێت.

## نوکتە

- مامۆستایەك بە قوتابییەك دەڵێ : مۆزەخانە چییە ؟
ئەویش دەڵێ : شوێنی فرۆشتنی مۆزە...
- یەکێك سەری کەچەڵ بوو، یەکێکی دیکەش لێ پرسی، بۆ وا قژت ڕووتاوەتەوە و کەچەڵ بوویت؟ ئەویش دەڵێ: زەمانە وای لێکردووم، ئەوەی دیکەش دەڵێت: کەواتە سەرت لای ئەوە چاك مەکە و برۆ شۆێنێکی دیکە.

